# نوێژمان دەکرد وئاژەڵ لە پێشمانەوە تێپەڕ دەبوو؛ ئەمەمان بۆ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- باسکرد، فەرمووی: با وەکو زینەی (سەر پشتی) ئاژەڵ لە پێش هەریەکێکتان بێت، پاشان هەرشتێک کە تێپەڕ دەبێت؛ زیانی پێناگەیەنێت

لە تەڵحە کوڕی عبيد اللەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «نوێژمان دەکرد وئاژەڵ لە پێشمانەوە تێپەڕ دەبوو؛ ئەمەمان بۆ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- باسکرد، فەرمووی: «با وەکو (بەرزی) زینەی (سەر پشتی) ئاژەڵ لە پێش هەریەکێکتان بێت، پاشان هەرشتێک کە تێپەڕ دەبێت (لە پشتی ئەو بەربەستەوە -سوترەیەوە-)؛ (زیانی پێناگەیەنێت (نوێژەکەی پوچەڵ نابێتەوە ودروستە».»

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

تەڵحە کوڕی عبيد الله -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە نوێژیان دەکرد وئاژەڵ لە پێشیانەوە تێپەڕ دەبوو؛ ئەوانیش ئەمەیانن بۆ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- باسکرد، ئەویش پێیانی فەرموو: هەرکاتێک یەکێک لە ئێوە نوێژی کرد وبەرستێک -سوترەیەک- وەکو بەرزی زینەی سەر پشتی ئاژەڵ لە پێشیەوە بوو، ئەوا ئەگەر هەرشتێک کە تێپەڕ دەبێت لە پشتی ئەو بەربەستەوە -سوترەیەوە-؛ زیانی پێناگەیەنێت (نوێژەکەی پوچەڵ نابێتەوە ودروستە)، ولە سوودەکانی بەربەست -سوترە- ئەوەیە کە نوێژەکە دەپارێزێت ودووری دەکاتەوە لەو شتانەی زیان لە دروستێتی وکامڵی نوێژەکە دەدەن، ودەبێتە هۆی ئەوەی کەس لە پێشیەوە تێپەڕ نەبێت چونکە ئەگەر سوترە دانەنێت وکەسێک لە پێشیەوە تێپەڕ بوو ئەوا ئەو کەسە گوناهبار دەبێت؛ بۆیە ئەم بەربەستە بووە هۆی دوورکردنەوەی مسوڵمانان لە گوناهبار بوون، وناڕەحەتی وخەجاڵەتی لە نوێژخوێن دوور دەخاتەوە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10868

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee